تا ئەورۆژەی سەری لەبەردی ئەلحەدی کەوت ئیعتیقادی وابوو کە ئایین ئەفیونی شعوبە و کاتێکیش کەموهەندیسی حوکمی زاتی و جەبهەی وەتەنی نائیبی پێشکەوتوخواز سەدام حوسەینی برادەری گیانی بەگیانی شۆرشگێری کلتوری فیدل کاسترو، فەرمانی ئیعدامەکەی ئیمزا کرد هەرلەبەر ئەوە بوو کە شویعی بوو، منداڵەکانیشی بەتایبەتی کوڕەکەی هەمیشە شانازی و فەخریان بەوەوە ئەکرد کە باوکیان لەبەر پەتی قەنارەکەیشا یەک زەڕە لە باوەڕی توندی خۆی بەورێگایەی کە هاوڕێیان فەهد و سەلام عادیل کێشاویانەو پیا رۆیشتوون نەهاتۆتە خوارەوە ( لەراستیشدا وابوو)، بۆیە وەعدیان وابوو ئەمانیش هەرگیزاو هەرگیز ئەورێگەیەی باوکیان چۆڵ نەکەن، نەک هەرخۆیان لەسەری بڕۆن بەڵکو بەشەرح کردنی ئەو رێبازەو ئیستیفادەکەی بۆ فەقیرو فوقەرا وای لێ بکەن لە ئێوارانی جادەی سەهۆڵەکە قەرەباڵغ تر بێت ... ساڵان هاتن و چوون ئینتیفازەی تێکەوت ،پاشی وی سەدام کەوت و داهاتی نەفتی عیراق لە سەدا حەڤدەی بۆ کورد تەرخانکرا ئیدارەی کوردیش کەوتە دابەشکردنی ئەرزەو شەهیدانەو تەقاویتی گاهێ بەسەرموستەحەقین و چەن گاهێکێش بەسەر ناموستەحەقینا ئەویش وەکو وەسیلەیەکی قەدیم و نوێ هەم بۆ دڵ راگرتنی کەسو کاری شەهیدان و پێشمەرگەکان (کە ئەوان هەقی خۆیانە) و هەمیش بۆ کەسبی وەلائی ئەوخەڵکو خوایەی کە بۆ رۆژی هەڵبژاردن و مەسیرەی نیشتیمانی سوێند خواردن بەسەری قیادەی سیاسی زۆر لازمن .بەڵێ سەرتان نەئێشێنم ئەڵێن کەسو کاری ئەم شەهیدە ئەبیستن لە لای برایانی ئیسلامیش ئیکرامیەو تەقاویتی و ئافەرینانە بۆ ئەو خەڵکەی خۆیان ئەبڕنەوە بۆیە ناوی خوای لێ ئەهێنن مەرحوم بە شەهیدی ئیسلامی ناو نووس ئەکەن! .من بیستوومەو دیومە خەڵکانێک لەحاڵی حەیاتیانا کاسپیان ئەوەبوو سەنگەریان ئەگواستەوە و لە درێژەی هەواڵەکانیشا لە تەلەفیزۆنە ئاسمانیەکانەوە وەکو دەست کەوتی خۆیان و خەسائیری ئەولا باسی لێوە ئەکرا. بەڵام ئەوەی نەم بیستبوو قەبر گواستنەوە بوو .بۆیە بۆ تەسهیلی حەرەکەت و بۆ ئەوەی وەرەسەش غەرقی رەحمەتی خوات کەن وبوونی پەنجا نەوع شەهیدانە وا چاکە پیاو وەسیەت بکا لە پاش مەرگی لەسەر عارەبانە بینێژن.